پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە (لە خواردنی) گۆشتی گوێدرێژ، وەروخسەتی داوە (بە خواردنی) گۆشتی ئەسپ

لە جابری کوڕی عبداللەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە (لە خواردنی) گۆشتی گوێدرێژ، وەروخسەتی داوە (بە خواردنی) گۆشتی ئەسپ». ولە گێڕانەوەی (مسلم) دا: «لە ڕۆژی خەیبەردا گۆشتی ئەسپ وگوێدرێژی دەشتەکیمان* خوارد، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کرد لە خواردنی گۆشتی گوێدرێژی خۆماڵی**». لە عبداللەی کوڕی ئەبی ئەوفاوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «لە شەوەکانی خەیبەردا تووشی برسێتیەکی زۆر بووین، چەند گوێدرێژی خۆماڵیمان ڕاوکرد وسەرمان بڕی، وکاتێک مەنجەڵەکان خەریک بوو بکوڵێن، یەکێک بانگی کرد کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکردووە بەوەی کە مەنجەڵەکان سەرەو ژێر بکرێت (ئەوەی تێیدایە بەتاڵ بکرێتەوە)، یان ئەوەتا ووتی: هیچ شتێک لە گۆشتی گوێدرێژی خۆماڵی مەخۆن». لە ئەبی سەعلبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- خواردنی گۆشتی گوێدرێژی خۆماڵی حەرامکردووە». *(گوێدرێژی دەشتەکی: لەوەیە مەبەست ئەو گوێدرێژە بێت کە ڕەنگی ڕەش وسپییە، یان جۆرێک ئاژەڵی تر هەیە کە لە گوێدرێژ دەچێت لە زۆر سیفاتدا ولە دەرەوەی شوێنەکانی نیشتەجێبوون دەژێت بە عەرەبی پێی دەووترێت: الوضيحي)، **(گوێدرێژی خۆماڵی: بە -کەر- ناسراوە ئەو ئاژەڵەیە بۆ سواری وبارکردن لە ناو شار وگوندەکان بەکاردێت)

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

جابری کوڕی عبداللە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە خواردنی گۆشتی گوێدرێژی خۆماڵی*، وڕێگەی داوە بە خواردنی گۆشتی ئەسپ وگۆشتی گوێدرێژی دەشتەکی**، وعبداللەی کوڕی ئەبی ئەوفا -ڕەزای خوای لێبێت- هەواڵی ئەوە دەدات کە تووشی برسێتیەکی زۆر بوون لە شەوەکانی جەنگی خەیبەردا، وکاتێک خەیبەر فەتح وڕزگار کرا، گوێدرێژە خۆماڵیەکانی ئەو شوێنەیان سەرپڕی وگۆشتەکەیان لە ناو مەنجەڵەکان کوڵاند، بەڵام پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێکردن کە مەنجەڵەکان سەرەو وژێر بکەونەوە وئەوەی تێیدایە فڕێی بدەن، وگۆشتی گوێدرێژی خۆماڵی نەخۆن. *(گوێدرێژی خۆماڵی: بە -کەر- ناسراوە ئەو ئاژەڵەیە بۆ سواری وبارکردن لە ناو شار وگوندەکان بەکاردێت)، **(گوێدرێژی دەشتەکی: لەوەیە مەبەست ئەو گوێدرێژە بێت کە ڕەنگی ڕەش وسپییە، یان جۆرێک ئاژەڵی تر هەیە کە لە گوێدرێژ دەچێت لە زۆر سیفاتدا ولە دەرەوەی شوێنەکانی نیشتەجێبوون دەژێت بە عەرەبی پێی دەووترێت: الوضيحي)

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3003